# دەسەڵاتی کوردی لە سەرەڕێی "رووداو"دا

پشکۆنەجمەدین

((بڕوخێ ئیمپراتۆریای میلیشیا و شاخ!.))

رووداوێک هات و هەنوکەش دەبزووێ!. رووداوێک کە سەردەمێک لە مێژوو دەبەزێنێت و سەردەمێکی دیکە دەگەڕێنێ!. دوو قۆناغی مێژوو کە بە چەندین ئەڵقەی بینراو و نەبینراو لێک هەڵپێکراون و لێکترازاندنیان ئاسان نایەتە بەرچاو.

رووداوێک کە لە هەوڵی گۆڕکردنی رۆژگارێک و والاکردنی دەرگاکاندایە بە رووی رۆژگارێکی دیکەدا!.

رووداوێک، نە لە ئەنجامی تەقینەوەی ناکۆکییەکانی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتی تۆتالیتاری بەعسدا هاتوەتە گۆڕێ و نە سەرئەنجامی بە بنبەست گەیشتنی گرفت و کێشەی نێوان رژێمی بەعس و هاوپەیمانەکان (یاخود وردتر بڵێین ئەمەریکا) بوو. ئاخر ئەمەریکا چ کێشەیەکی لەگەڵ رژێمی ئێراقدا نەبوو، بەڵکو بیانووەکان بۆ خەست کردنەوەی ناکۆکییەکان و خولقاندنی پاساوەکان بۆ رەواییدان بە جەنگ، خۆشدەست و فرە بوون!.

ئێراق، سالانێک بوو لە سایەی بەعسدا:

ـ سەربازگەیەکی سیخناخ لە چەکی کۆکوژ بوو!.

ـ کۆمەڵگەی ئێراقی، کۆمەڵگەیەکی بە میلیتاریزە کراو بوو!.

ـ رۆژگارێک بوو چەکەکان لەسەر جەستەی کورد تاقی کرابوونەوە و پرۆسەی ئەنفال و جینۆساید وەگەڕ خرابوو!.

ـ نەک هەر "تاک"ی ئاسایی لە هەر مافێکی هاولاتیبوون و ئینسانی داماڵرا بوو، بگرە ژیان و مردنی خودی ئەندامانی بەعسیش لە دەست سەدام و بنەماڵەی ویدا بوون.

بۆ من، چ گرنگ نییە کە خودی بیانووەکانی جەنگ، ماکی راستەقینە و فاکتەرە کاربڕەکانی داگیرکردنی ئێراق و رووخاندنی بەعس نەبوون!. گرنگ هەرەسی بەعس و پێچانەوەی دەورانێک و دەستپێکی وەگەرکەوتنی میکانیزمی کاری " رووداو"ێکە کە دێت لە ئاست و بوارەکانی سیاسەت و کاری سیاسی، ئازادی و ئازادیی سیاسی، بارودۆخی کۆمەلایەتی، کولتوری و رۆشنبیریدا کارکردی خۆی دادەنێت و زەمینەی خولقاندنی گۆڕانکارییەکان ساز دەکات!.

لە کوردستانی باشووردا، کەتا هەنوکەش بە پێی بەڵگەنامە و دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکان، بەرنامەی کاری ئەمەریکا و هەوپەیمانەکانی، خیتابی سیاسیی پارتیی دیموکراتیی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەشێکی لەدابڕان نەهاتووی خاکی (پیرۆز) ی ئێراقە و لەوێدا دەسەلاتێکی سیاسی و ئیداریی تەمەن دوانزەسالان هەیە و "رووداو"یش هێدی هێدی بەرەو قەڵەمڕەوی پیرۆزی ئەم قەوارە و دەسەلاتە سیاسییە بەڕێوەیە!.

ئەگەر "رووداو" وەکو پرۆسەیەکی گشتگری بزواو و بە گۆڕانکاری بارگاوی ببینین، داخۆ چ کارکردێکی لەسەر دەسەلاتی سیاسیی کوردی (پەرلەمان و حکومەتەکانی هەرێم) دەبێت؟!. یاخود دەشێ پرسەکە بە شێوەیەکی دیکە دابڕێژین و بڵێین: داخۆ حکومەتەکانی هەرێم و ئەزمونە (دیموکراتییە کەموێنە!) کەی باشووری کوردستان، چ پتویستییەکیان بە گۆڕان، کشان، کردنەوە و "شەفافیەت"ێک هەیە؟!.

ئەزمونێک کە وەکو (نمونەی بالای پرۆسەی دیموکراتی و سەرمەشقێک بۆ ئێراقی ئاییندە!!) چاو لێ دەکرێ، چلۆن دەکرێ خەڵکی کوردستان رێگە بە هێزێکی ئیمپریالیستیی داگیرکەر بدەن تا زەمینەی شێواندنی ئەو ئەزمونە موقەددەسە بسازێنێت؟!.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

ئێمە، بۆ ئەوەی لە هەوڵی نەفیکردن یان چاکسازی کردنی پرۆسەیەکدا بین، دەبێ خودی پرۆسەکە، هێزە بزوێنەرەکانی، سرووشت و خەسڵەتەکانی، ئاکار و میکانزمی کارکردنی لە کایە جیاوازەکاندا بناسین!.

دەستپێکی ئیش کردنی دەسەلاتی کوردی لە باشووری کوردستاندا، دەرهاوێژتەی پرۆسەی راپەرینی خەلکی کوردستان بوو کە لە فۆرمی بەرەی کوردستانیدا وەدەر کەوت.

بەرەی کوردستانی، کە پارتی و یەکێتی دوو هێزی باڵادەست و بزووێنەری بوون، بەبێ هیچ رەواییەکی یاسایی و لەسەر پرەنسیپەکانی خەباتی شاخ و "سەروەری"ییەکانی ئەو بزووتنەوە چەکدارییە، بۆ ماوەی ساڵێک پراکتیزەی دەسەلاتێکی سیاسییان لە کوردستاندا کرد کە لە هەر رەگەزێکی ئەقڵانی و مۆدرن خاڵی بووا!.

ئەم دەسەلاتە چونکە بەرهەمێکی سرووشتیی سەرکەوتنی خەباتی درێژخایەنی چەکداری (نمونەی خەباتی رزگاریخوازانەی وڵاتانی وەکو چین، ڤێتنام، کۆبا و. . . هتد) نەبوو، هیچ ئامادەیییەکی بۆ خولقاندنی پرۆسەی حوکمڕانیی شارستانیانە لە خۆ نەگرتبوو.

بەرەی کوردستانی، لەسەروبەندی جەنگی دووەمی کەنداو و راپەریندا، لە گەوەی قەیرانەکانی بزووتنەوەی چەکداریدا گیری خواردبوو، هەر کە راپەرینیش روویدا، ئەم "بەرە" بە زەبر و توندوتیژی بارگاوییە کە هێشتا بۆنی خوێنی شەڕی براکانی لێ دەهات و بە کولتوری ئەوی دی کوشتن، ئەوی دی سڕینەوە و دەنگ و رەنگی جیاواز قەبوڵنەکردن سیخناخ بوو، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، هەر ئۆرگان و رێکخراوێک کە دەرهاوێژتەی راپەرین بوو، پاکتاوی کرد و بۆ دنیای نەبوونی فرێ دا!.

بەرە، بە حوکمی ئەزمونی خەباتی شاخ کە بە ناچاری، سرووشتی تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی دەسگاکانی دەوڵەتی بەعسی لە کوردستاندا لە خۆ گرتبوو، هێزێکی رووخێنەر بوو نەک بنیاتنەرا. ئەم هێزە لەماوەی یەک ساڵی دەسەلاتی دیفاکتۆ و ناڕەوای خۆیدا، بەشێکی زۆری ئەو دەسگا و دامەزراوانەی کە بەعس بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی لە کوردستاندا و لە ماوەی چەند ساڵاندا بنیاتی نابوون، دارووپەردووی لێک ترازاندن و ئاودیوی سنووری کردن!. بەرە، پاشی کۆڕەو و چێکردنی "زۆنی ئاسایش"یش بە هیوای ئەوە بوو کە لە گەڵ بەعسدا دەسەلات دابەش بکات و وێک ڕا حوکمی کوردستان بکەن. راپەرینی دووەمی خەڵکی کوردستان کە لە سەروبەندی گفتوگۆی نێوان بەرە و بەعسدا باڵای کرد، هێزی چەکداری بەرەی راکێشایە نێو سەکۆی ململانێ خوێناوییەکە و هەمان کاتیش " سەرۆکی ئەوێ رۆژێی بەرە" لە بەغداوە دژی راپەریوان هاتە گۆ و خەڵکی راپەریوی بە (تێکدەر و ئاژاوەگێڕ) نێوزەد کردا. ساتێ بەعس بە ناچاری دامودەسگاکانی خۆی لە کوردستان کێشایەوە، بەرە چ بەرنامەیەکی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی کوردستان پێ نەبووا!.

بەرە، یەک ساڵ لەسەر رەوایی سێکوچکەی (سەروەریی شاخ، گومرگ و میلیشیا) حوکمی کوردستانی کرد و پاشان بیرۆکەی گەمەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی دۆزییەوە!.

هەڵبژاردن و پەرلەمان، پراکتیزە کردنی سەرەتاییترین سەرەتاکانی پرۆسەی دیموکراتی بوو لە کوردستاندا کە لەماوەی دوانزەساڵدا نەیتوانی بازنەی سەرەتاکان ببەزێنێ!. هەڵبژاردن و بەخشینی زۆرینەی دەنگەکان بە یەکێتی وپارتی، ئەگەر وەکو "نا"ی سەرپاکی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ بەعس چاو لێ بکەین (جگە لەوەش هیچ مانایەکی دیکەی بۆ نابینینەوە) ، ئەوا (یەکێتی و پارتی) هەرگیز رێزیان لەو "نا"یە نەگرت و هەتا دوا ساتەکانی ژیانی بەعسیش، ئەوان نەک هەر پەیوەندییەکانی خۆیان لە گەڵ رژێمدا نە پساند، بگرە سەدامیش لە کن ئەوان و مێدیاکانیان جگە لە (سەرۆکی ئێراق) شتێکی دیکە نە بووا!.

با لە شێوازی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و چۆنییەتی دابەش کردنی ڕێژەی پەرلەمانتارەکان گەڕێین و تەنیا هێند بڵێین کە ماکی گرفت و کێشەخوێناوییەکانی پاشتر و ئەتک کردنی پەرلەمان و سووکایێتی کردن بە بەها و پیرۆزییەکانی میللەتی ئێمە، لە ڕێژەی دابەش کردنی کورسییەکان و سیستەمی پەنجا بە پەنجادا نەبوو!. هەڵبژاردن وەکو پرۆسەیەکی دیموکراتی و پەرلەمان وەکو دامەزراوەیەکی شەرعی و ئازادانە هەڵبژێردراو، دوو فۆرم بوون کە بە هێزە بزووێنەرەکانی ناخی خۆیان (یەکێتی و پارتی) نامۆ و دژ بوون!.

دیموکراتی، پرۆسەیەکی ئابووری، کۆمەڵایێتی، فەرهەنگییە و بەو حیزب و ڕێکخراوە پریمێتیڤانەی کە بە تێکەڵەیەک لە ئەقڵییەتی خێڵ و کەرەسەکانی کارکردنی ستالینیزم لە نێو خودی خۆیان و دەرەوەی خۆیاندا ئیش دەکەن، نایەتە ئەنجام!. پارتی و یەکێتی، لە مێژووی ٣٠ساڵی بزووتنەوەی سیاسی ـ چەکداریی کوردستاندا (٩٦١ ـ ٩٩١) ، شانزە ساڵان سەرگەرمی شەڕی کوردکوشتن بوون. هەر بۆیە نەیان ویست و نەیان توانی لە پاش ڕاپەرین و هەڵبژاردن، ئەو کولتووورە سیاسییەی هەڵگری بوون، لە بارگەی زەبر و خوێنڕژتن خاڵی بکەنەوە!. پەرلەمان، وەکو دامەزراوەیەکی شەرعی و تەندرووست تەنیا دوو ساڵ ژیا!. ساتێ یەکێتی بە زەبری چەک پەرلەمانی داگیر کرد و پەرلەمانتارە زەردەکانی لێ وەدەر نا!. . . کاتێک پارتی بۆ کرێنەوەی شەرەفی (پەرلەمان!!) ، هانای بۆ بەعس برد و پەرلەمانتارە سەوزەکانی ئاودیوی سنوور کرد، گەورەترین سووکایێتییان لە مێژووی کورد دا بە کورد و لە مێژووی پەرلەماندا بە پەرلەمان کردا!. پاشی ئەو مێژووە، ئیدی کورد نە پەرلەمانی هەبووە و نە حکومەت!. لەو ساوە و تا ئێستا، ئیدی دوو ئیدارە و دوو حکومەت هەن کە هیچ ڕەوایەتییەکیان نییە و چ تاکێکی کوردیش دەنگی پێ نەداون. ئەوان تەنیا نوێنەر و حکومەتی حیزبی خۆیانن نەک میللەت!. .

دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کورد لە کایەکانی ئیش کردنیاندا، بەرچاوترین دیاردەیەک کە بەرهەمیان هێنابێ شەڕی نێوخۆیە!.

شەڕی نێوخۆ، لە قۆناغی پاش ڕاپەڕین و دەورانی نیمچە ئازادیدا، کوشندەترین بەرهەمی دەسەڵاتی کوردییە کە ناکرێت بە ئاسانی لە لۆچی مێژوودا بپێچرێتەوە!. شەڕی نێوخۆ، جگە لە کوشتنی هەموو خەونەکان، ئەتک کردنی هەموو پیرۆزییەکان، بێماناکردنی هەموو مانا و بەهاکان، بە فیرۆدانی سامانی کۆمەڵگە، دابەش کردنی کوردستان، زاڵکردنی چەک و لە خوێن هەڵکێشانی وڵات، ئەوا دوو ئیمارەتی حیزبیی تەمەن حەوت ساڵەی بەرهەم هێناوە کە بەردەوامیی و تەمەندرێژییان خواست و ویستی حیزب و لێپرسراوانی حیزبن نەک خەڵکی کوردستان!. ڕێککەوتننامەی واشینتۆن، وەکو پرۆژەیەک بۆ یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە و بنبڕکردنی شەڕی نێوخۆ، وا پاشی پێنج ساڵان دەیبینین کە بە زەبری پۆستاڵی "ماریتر" جێبەجێ دەکرێت. لە ڕۆژی واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا، من نووسی بووم (هیچ زەمینەیەک بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژەیە لە گۆڕێدا نییە!. تەنیا ڕێگەچارەیەک بۆ ئاشتیی نێوان پارتی و یەکێتی، هاتنی هێزێکی نێو دەوڵەتییە بۆ کوردستان کە "گومرگ" کۆنترۆڵ و میلیشیاش دامالەخاس بکات!) . ئاخر ئەو ڕۆژە من بیرم بۆ هاتنی خودی "ماریتر" نە دەچوو!. حیزبەکان دڵنیا بوون کە تەمەنی درێژی ئەم دوو ئیمارەتە لەگەڵ تەمەنی ڕژێمی سەدامدایە، هەر بۆیە ئەوان هەرگیز بە لێبڕاوی خوازیاری ڕوخاندنی ئەو ڕژێمە دڕندەیە نەبوون، بەڵکو هیواداربوون سەدام ببێتە سەرۆکێکی دیموکرات!.

ئاراستەکانی کارکردنی دوو دەسەڵاتی نێو ئەم ئیمپراتۆریایە، دەشێ بە چەند باردا بخوێندرێنەوە:

+لە کایەکانی ئابووری و سەرمایەداریی (دەوڵەت!) دا کە دەکاتەوە ئابووریی حیزب، دەسەڵات هەموو چالاکییەکانی ژیانی بازرگانی و بیناکردنەوە و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی قۆرخ کردووە و بەمەش

حیزب بە جیا و سەرکردە و زللێپرسراوەکان لە لایەکی دیکەوە بوونەتە گەورەترین سەرمایەداری کوردستان!. سەرکردەکان، لە هیچەوە و لە ڕێگای بە کارهێنانی دەسەلاتەوە، بەشێکی زۆری سامانی خەڵکی کوردستانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان خستووەتە گەڕ!. بە دەگمەن سەرکردەیەک یان لێپرسراوێکی دیار دەبینی کە چەند کۆشکێک، کێڵگەیەک، کۆمپانیایەکی بازرگانی، پۆلێک ئۆتۆمبێلی دوا مۆدێلی نەبن و میلیۆنان دۆلاری پاشەکەوت نەکردبێت و لە کۆمپانیایەکی کەرتی گشتیشدا بەشێک یان چەند بەشێکی نەبێت. حیزبی کوردی لەم بوارەدا، ئەگەر شانازییەکی هەبێت، ئەوەیە کە یەکێک لە ئەسڵە بنچینەییەکانی تیۆری ئابووریی سیاسی بە درۆخستوەتەوە کە پێی وایە: (بورژوازی لە پێناوی پارستنی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەدا، خۆی لە ڕێکخراو و حیزبی خۆیدا ڕێک دەخات. واتە ئەوە گەشەکردنی سەرمایەدارییە کە بە ناچاری حیزبی سەرمایەداران دەخولقێنێت!) . کەچی حیزبی کوردی، تەواو پێچەوانە، بوویە کارگەی بەرهەمهێنانی سەرمایە و سەرمایەداران!. ئەمە ڕێک هەمان ڕێچکەی گەشەکردنی بەعسە بۆ بەرهەمهێنانی سیستەمی سەرمایەداریی حیزب و سەرۆک و بنەماڵەی حوکمڕان!. ئەمە ئەو ئاڕاستە ئابوورییە کە لە نێو حیزب و دەرەوەی حیزبدا، قسە لێ کردنی بقەیە!. من لە بەشێکی نووسینەوەی (ئەزموون و یاد) دا، باسم لە ژیان و گوزەرانی زێدە دژواری ڕۆژانی سەختی خەباتی شاخ کردووە و لەوێدا گوتوومە: (پاشی سێ ڕۆژان ئابلۆقەی هێزەکانی دەوڵەت، ئێمە بە "پیاڵە" نانەوردەمان لە نێوان خۆماندا دابەش دەکردا، بەشێک لەو هاوخەباتانەی من کە قەدەر ژیانی بۆ نووسین و شەهید نەبوون، ئێستا بەشێکیان سەرکردە و لێپرسراون. ئەوانەی لەو ڕۆژگارانەدا بە پیاڵەیەک نانەڕەقە قەناعەتیان دەکرد، ئێستا بە هیچ تێر نابن!!) .

+ حیزبی دەسەلاتداری کوردی، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە خواست و بەرژەوەندییەکانی، تێڕوانین و دنیابینییەکانی، بەها و پیرۆزییەکانی خۆی بە بەرژەوەندی و خواست، بەها و پیرۆزییەکانی نەتەوە یەکسان بکات و نەتەوە لە نێو حیزبدا بتووێنێتەوە!. هەر بۆیە قسەکردن لەسەر حیزب و مەسەلەکانی دەوروبەری، لە ڕوانگەی حیزبەوە، قسەکردنە لەسەر نەتەوە و میللەت و مانای سووکایەتی پێکردنی نەتەوە دەگەیەنێت!. ئەم خەسڵەتە پرسیارکوژ و بیرکوێرکارەی حیزب، لە ساڵانی شەڕی نێوخۆدا، لە ڕێگای مێدیای حیزب و نووسەر و ڕۆشنبیرەکانییەوە (کە بێ بەرهەمی بیری شەڕەنگێزانەی ئەوان، ئاشی شەڕ نەدەگەڕا) ، دەهات خۆی بەسەر پانتایی باری ڕۆشنبیریی کوردیدا بسەپێنێت!. ڕۆشنبیرانی حیزب، شەڕەکانی نێوان حیزبی کوردییان بە جەنگی پیرۆزی نەتەوە پێ دەناساندین و "ئاشتی"یەکانیشیان هەروەسا!. ئەگەر سەرۆک و سەرکردەکانی حیزب لە هەمبەر کارەساتی شەڕی نێوخۆدا، بەرپرسیاری پلە یەک بن، ئەوا ڕۆشنبیرەکانیان کەمتر بەرپرسیار نین!. ساتێ هەردوو سەرکردە بە "قسە نەک کردوە!" داوای لێبووردنیان لە کەسوکاری قوربانیانی شەڕی نێوخۆ کرد، دەبوو "ڕووناکبیر"ەکانیشیان ئەو کارە بکەن!.

+ حیزبی دەسەلاتداری کورد، لە پرۆسەی شەڕی نێوخۆدا، دوو لەشکری پڕ چەک و هەمیشە ئامادەی بەرهەم هێنا کە بە هەڵە ناوی (هێزی پێشمەرگەی کوردستان) یان لێ نرابوو!. هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەسەر سنوورەکانی ڕاپەڕین، شکۆ و سەروەرییەکانی خۆی بەخشییە دەسەلات. زۆرێک لە تێکۆشەران و پێشمەرگە دێرینەکان، ئێستا بێ ناز و بێ ماڵ و گیرفان بەتاڵ، لە کۆشکی بڵندی حیزب دەڕوانن!. ئەم دوو لەشکرەی پاش ڕاپەڕین، هێزی پاراستنی حیزب و کوشتنی خەونەکانی نەتەوە و تێکشکاندنی ئەزموونی دیموکراتیی کوردستان بوون!.

+ حکومەتی حیزب، لە کایەی پاراستن و کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵگەدا، دەسگاکانی ئاسایش و پاراستن و زانیاری هەیە!. زانیاری و پاراستن، ئەو دوو دەسگا هەواڵگرەن کە ڕاستەوخۆ لە ڕێگای (کوڕ، برا،

برازا) ی سەرۆکی حیزبەوە بەڕێوە دەچن و لە بان هەموو دەسگاکانی "قەزا"وە وەستاون!. ئەم شێوازەی ڕێکخستی دەسگا هەوالگر و کۆنترۆلکارەکان، کۆپییەکە لە میکانیزمی کارکردنی سیستەمی بەعس!. بەعس، تەنیا سیستەمێک نەبوو بۆ کارکردنی توندوتیژی لە نێو کۆمەلگەدا، بەلکو بەرهەمهێنی کولتورێک بوو کە تا ئاییندەیەکی دووریش لە نێو پانتاییەکانی ئەقل و فیکری حیزبی ئێراقیدا بە کورد و عەرەبیەوە کار دەکات!.

+ حکومەتی حیزب، سوورە لە سەر درێژەپێدانی دەسەلاتێک کە ڕەوایی لە سەرچاوەی رووباری درێژی خوێنی شەهیدانەوە وەردەگرێت!. شەهیدە سەروەر و خۆبەختکارەکان، لە پێناوی خەلک و دەسەلاتی خەلک و کۆمەلگەیەکی ئازاد کە جۆرێک لە بەرانبەری و دادوەریی کۆمەلایتی تێدا سەروەر بێت، شەهید بوون!. حیزبی دەسەلادار، بۆ بەردەوامیی دەسەلاتی خۆی، دەست بە سەروەریی شەهیدانەوە دەگرێت و لە ئاست جەللادەکانیاندا، نەک هەر خەمسارد و کەمتەرخەمە، بگرە دالدەدەر و پارێزەریشیانە!.

+ حیزب و رۆشنبیرانی، لە ماوەی دوانزە سالاندا و لە ئاست سیستەمی بەعس و لەشکرە (ولاتپارێزەکەیدا!!) گەلێک دلۆڤان و دلنەرم بوون، کەچی لە ئاست رۆژنامەیەکی لیبرال و نووسەرانیدا، چ تۆلیرانسێکیان نییە، رەخنەیەکی جددی قەبول ناکەن و دنیایان ژێراوژوور کردووە!.

+ خەلکی کوردستان، لە ماوەی دوانزە سالدا و لە ئامادەبوونی درندەیی بەعسدا، لە ئاست حوکمی نایاسایی حیزب و گەندەلیی ئیداریدا بێ دەنگ بوون و حکومەتی دیفاکتۆیان وەکو ئەمری واقیع قەبوول کرد. ئیدی لە قۆناغی پاش بەعسدا، چ پاساوێک بۆ بێدەنگیی خەلک و وروژاندنی پرسە جددییەکان نەماوە!. ئیدی خەلک مافی خۆیەتی لە پێناوی وەگەرخستنی پرۆسەیەکی چاکسازیی هەمەلایەندا کە راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی ئێستا و پاشەڕۆژییەوە هەیە، خەبات بکات.

حیزب و حکومەتەکانی، لە بەردەم زریانی رووداوێکدا وەستاون و گۆڕانکارییەکانیش ناکرێ تەنیا لە رووی فیزیکییەوە ببینین، بەلکو دەشێ بواری ئەقلی و رۆشنبیریش بگرنەوە!.

+ بەرزکردنەوەی درووشمی (رووخانی حکومەت) چ لە کوردستان و چ لە هەر ولاتێکی ئەم دنیایەدا، بە مانای روخانی (نەتەوە!) نایەت!. ئاخر حیزب یەکسان نییە بە نەتەوە!. رووخانی حکومەت، مانای دەست لەکار کێشانەوەی کابینەی حکومەتە لە ئیدارەی بەڕێوەبردنی کۆمەلگە و هاتنەسەرکاری کابینەیەکی دیکە پاش وەرگرتنی متمانەی پەرلەمان!. لە حالەتی هەلبژاردنی نوێدا، دەشێ هەم رێژەی حیزبەکان لە پەرلەماندا و هەم درووست کردنی کابینەی حکومەت گۆڕانیان بە سەردا بێت. ئەمەیە روخاندنی حکومەت و دەستاودەست کردنی دەسەلات!. ئەمە ئەو ئەسلە بنچینەییەی دیموکراتییەتە کە حیزبی کوردی ئامادە نییە بیسەلمێنێ و لە هەولی شێواندنیدایە!.

ئێستا خەلکی کورد لە بەردەم ئیدارەیەکی ناخ گەندەلدا، دەبێ بلێ: نا بۆ ئەم ئیدارەیە!. . . بەلێ بۆ پەرلەمان و حکومەتێکی یەکگرتووی کوردستان کە ڕەوایی خۆیان لە سندوقی دەنگدانەوە وەر بگرن و هەر بە سندووقی دەنگدانیش برووخێن!. هەلبژاردنی پەرلەمانێک، کە نەتوانێ تەنیا کورسییەک بە ژەنرالانی چنگ بەخوێنی شەڕی نێوخۆ ببەخشێت!. ئاخر ئەوە ئەرکی سەرۆکانی پارتی و یەکێتی بوو کە لە پراکتیزەکردنی (داوای لێبووردن) دا، هۆلی پەرلەمان لە دیلکوژەکان پاک بکەنەوە!. ساتێ ئەوان وەهایان نەکرد و ئەمەش حالی دەسەلات و حکومەتیان بێت، ئیدی ڕەوایە بگوترێ:

**بروخێ ئیپراتۆریای میلیشیا و شاخ!!.**

سەرنج:

دڵنیام پاشی بڵاوبوونەوەی ئەم وتارە، کەسانێک بە کەمویژدانم نێوزەد دەکەن و پێیان وایە رەشبینانە لە ئەزموونی کوردستان دەڕووانم و لایەنە گەش و درەوشاوەکانی نابینم!. بەڵێ دەیان بینم، وەلێ پێداهەڵگوتن و شانازی پێوەکردن و بە نێوچاوانی خەڵکدا دانەوەیان، بۆ نووسەران و مێدیاکانی حیزب بەجێ دێڵم!. ئاخر من ١٣ ساڵە لەم وڵاتە دەژیم و لانی کەم ١٠ساڵیشە رۆژنامەکانیان دەخوێنمەوە و تەنیا جارێکیش نەم دیتووە کە نووسەرێک یان رۆشنبیرێک بێت و بە شان و باڵی پرۆژەکانی دەوڵەتدا هەڵ بدات!. لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا، رۆژنامەی تایبەتی دەسگاکان و بڵاوکراوەی کۆمپانیاکان باس لە پرۆژە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتوورییەکانیان دەکەن و رووناکبیران، دێباتیۆر و چاودێرانیش، لە ژێر میکرۆسکۆبی لێکۆڵینەوە و راڤەکردندا، پرۆسەی رەخنەسازی دەخولقێنن!.

سوید

٢٩ / ٦ / ٢٠٠٣

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت